# غازی یاوەر نمونەیەك بۆ دیموكراسی یان مەدالیایەك بۆ عرووبە ؟

شێخ غازی عجیل یاوەر كە بە پێشەكی ناوەكەیدا دیارە كابرایەكی عەرەبە ئێستا سەرۆكی هەڵبژێردراو نا بەلكو دانراوی عێراقە وە بە دۆستێكی كوردیش ناسراوە ، ئەمەی دوایی لە سەفەرەكەی بەرێزیان بۆ باشوری كوردستان زیاتر بە دیار كەوت كاتێ جەنابی كاك مەسعود بارزانی كە بە جلوبەرگە جوانە كوردییەكەیدا بە دیار كەوت شان بەشانی شێخ غازی ((كە لە هەمان كاتیشدا جوانترین وەڵام بوو بۆ جلوبەرگەكەی شێخ لە خاكی كوردانا )) تاكیدی لە سەر ئەم دۆستایەتییە كردەوە وە گوتی ئەم بەرێزە سەرۆك حكومەتی عێراقی فیدڕاڵ و دۆست كوردەو ئێمەش پشتگیری لێ دەكەین . من بەمە زۆر دڵخۆش نیم چونكە دەسەڵاتدارانی عێراق هەمیشە لە كوردستان وا دەڵێن وە بڕیارەكانیان لە بەغداد شتێكی كەیە نمونەش بۆ ئەم قسەیەم زۆرە وە كاتی خۆشی بە پێشمەرگەكان كە لە دەرەوەی شارەكان بوون زۆریان لەم بەڵێنانە دەداو دواتریش كە ئەمان بڕوایان دەكرد ئەوان سەریان دەبرن و خەباتیان دەسوتاندن ، گومانم هەیە كە ئێستەش هەر وا بیر نەكەنەوە ! ئاخۆ نیگەرانییەكەی من لەوێوە سەرچاوەی گرتووە ئەگەر شێخ دەروونی پاك بایە هەرگیز ڕوی نەدەهات بەو جلوبەرگەوە بڕوات بۆ هەڵەبجە وە مێژوویەكی تاڵ پیشانی ئەم خەڵكە باتەوە وە بە بیریان بێنێتەوە كە چۆن عەرەب بەم ڕۆژەی گەیاندن وە ئێستەش حوكمیان دەكات وە عەرزی جلوبەرگ و عرووبەیان بۆ دەكات . شێخ غازی ئەگەر بۆ بە سەركردنەوەی خەڵكی هەڵەبجە ڕۆی بە داخەوە هیچی بۆ ئەو خەڵكە پێ نەبوو چوونكە كاتێ داخڵی یادگاری هەڵەبجە بوو بە هۆی عەگاڵەكەی سەرییەوە كە بە چەندین مەتر مەزندە دەكرێت نەیدەتوانی بە باشی چواردەوری خۆی و داروبەردووی روخاوی هەڵەبجە ببینێت تا بەڵكو ئەو لە باتی هەموو عەرەب ئارەقی شەرمەزاری لە بەردەم خودای ئەو شارەدا هەلڕێژێت ....

من زۆر بە داخەوەم بۆ كارمەندانی یادگاری هەڵەبجە كە ئاخور بە پێش چاویانەوە چەند بەعسی خۆیان دەكرد بە ناو یادگارداو هیچ حسابێكیشیان بۆ ئەو تابلۆیە نەدەكرد كە بە خەتێكی گەورەو بە هەردوو نوسینی كوردی و عەرەبی نوسراوە (( هاتنە ژوورەوە بۆ بەعسییەكان قەدەغەیە & ممنوع الدخول للبعسيين )) ...

زەردەشت هەڵبجەیی
Zardasht_h@yahoo.com

